له ئومەتەکانی پێش ئێوەدا خەڵکانێک هەبوون ئیلهامیان پێبەخشرا بوو، ئەگەر له ئومەتەکەی مندا یەکێک هەبێت ئەوا عومەرە

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «له ئومەتەکانی پێش ئێوەدا خەڵکانێک هەبوون ئیلهامیان پێبەخشرا بوو (بۆ ووتنی هەق وڕاستی)، ئەگەر له ئومەتەکەی مندا یەکێک هەبێت ئەوا عومەرە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی فەزڵێکی تایبەتی عومەری کوڕی خەتاب دەکات -ڕەزای خوای لێبێت- ، کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فەرموویەتی: (له ئومەتەکانی پێش ئێوەدا خەڵکانێک هەبوون ئیلهامیان پێبەخشرا بوو -بۆ ووتنی هەق وڕاستی-): واتا خودا ئیلهامیان پێدەبەخشێت بۆ وتنی قسەیەک کە ڕاست وهەق دەردەچێت، وئەمیش ڕێزلێنانێکە له لایەن خودا بۆ ئەو مرۆڤە کاتێک قسەیەک دەکات یان فتوایەک دەدات یان حوکمێک دەدات؛ پاشتر ڕووندەبێتەوە کە هەق وڕاست دەرچووە ودادپەروەر بووە. وفەرمووی: (ئەگەر له ئومەتەکەی مندا یەکێک هەبێت ئەوا عومەرە): ئەمە گومان نییە چونکە ئومەتی ئیسلام له کۆتایی دونیادا باشترین وکاملْترین ئومەتن، بەڵام ئەم دەربڕینە بۆ دڵنیاییە، کە ئەگەری ئەوە هەبێت له ئومەتەکانی تر هەبێت؛ ئەوا شایستەترە لەم ئومەتە هەبێت. هەتا مرۆڤ ئیمانی بەهێزتر بێت وزیاتر ملکەچی فەرمانەکانی خودا بێت ئەوا خودا سەرکەوتووی دەکات بۆ ڕێبازی هەق وڕاستی ئەمیش بەهۆی ئیمان وکردەوە چاکەکانیەوە، بۆ نمونە کردەوەیەک دەکات وپێی وایە لەم کردەوەیەدا ڕاستی پێکاوە وکاتێک دەگەڕێتەوە بۆ بەڵگەی قورئان وسونەت وپرسیار دەکات بۆی دەردەکەوێت کە کردەوەکەی بە پێی قورئان وسونەت بووە، وئەم له ڕێزلێنانە بۆ ئەو بەندەیە، ئیمامی عومەریش -ڕەزای خوای لێبێت- یەکێک بوو له ئەوانە بۆیە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- فەرمووی ئەگەر له ئومەتەکەی مندا یەک ئیلهام پێبەخشراو هەبێت ئەوا عومەرە -ڕەزای خوای لێبێت-.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5142